# بنیادنانەوەیەکی سەیر !؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

تێپەرینێکی بێمانای کات و زەمەن ئەبینین لە وادەی رانەگەیاندنی ئەو حکومەت وپەرلەمانەی کە هەموومان لە 31ی کانونی دووەمدا دەنگمان پێدا،بەڵام عیراق بەم ئاراستەیەدا چۆن نویٚ ئەکرێتەوە؟ ئەم بنیادنانەوەیە بنیادێکی تەندروست نابێت لە کاتێکدا ئەبینین کە کۆی پێکهاتە ئایدۆلۆژی و مەزهەبیەکان لە شەری ساردوبەردەوام و پێکدادانی بەرژەوەندیە پراگماتیەکانی خۆیاندا نازانن کات بەفیرۆدان لە بەرژەوەندی کەس نیە لە عیراقدا، لەکاتێکدا ئەبوایە بنیادنانەوە لە عیراقدا کۆی هزرو رەوت و بیرۆکەی مەزهەبی و ئایدۆلۆژی حیزبەکانی بگۆریایە بە ئاراستەیەکی تەندروستانەی وەهادا تا کەسانی پرۆفیشناڵ و تەکنۆکرات جێگای کەسانی عەسکەری وئینقیلابچی بگرتایەتەوەو کێبرکێی سەرۆکایەتی بۆ پچراندنی شێرەبەشی رەگەزی و حیزبی وئایدۆلۆژی نەبوایە بەڵکو بۆ سارێژکردنەوەی ئەو برینە قوڵانەبوایە کە بەعسیزم بەدرێژایی تەمەنی خۆی ئەیکردە جەستەی تاکی عیراقیەوە.لە کاتێکدا ئەوەش ئەزانین کە هەرێمی کوردستان لە سەرتاسەری عیراقدا تاکە هەرێمە ئاسایش تیایدا بەرقەرارەو تەنانەت وەکو بەغداو شارەکانی تریش کورد پێویستی بە بنیادنانەوەی سەرەتایی نییە، وە بگرە هەر لە پاش پرۆسەی ئازادی لە 2003/4/9 ئەگەر لە نیەتباشی خۆی نەبوایە ئەوا توندتر ماڵی خۆی قایم ئەکردوو خۆی نەئەکردە قوربانی هیچ کەس و نەئەچوە ئەو ململانیٚ ئاڵۆزەوە.

تائێستا تاکی عیراقی لەبەردەم ئەزمونێکی تازەدا نییە کە بۆنی بنیادنانەوەیەکی تەندروستانەی جیاوازی لێبێت بە ئاراستەی تەجاوەزکردنی بەعس، ئاخر بەتەنها روخانی بەعس بەس نیە کە شاندابدەینەوە وەک ئەوەی کە تێمانپەراندبێت، تێپەراندن بریتیە لە کۆی پرۆسەیەکی درێژخایەن و روخاندنی تەواوی ئەو بتە فکری و نەگۆرو ئەو کولتورە ترسناکەی کە تاهەنوکە عەرەبی شۆڤێنی کاری لە سەر ئەکات،ئەزمونی نویٚ بە واتای کارکردن لە سەر ئەو ریتمە تازەی کە پێشتر کاری لە سەر نەکراوەو وەک ستراتیجێک هێزەکان لە گەل خۆیاندا هێنابێتیان، بائەو هێزانەی ئێستا لە بەغدا چاوەروانی کورسی ئەکەن کەمێک بگەرێنەوە بۆ ووتەو لێدوانی سەردەمی ئۆپۆزسیۆن بونیان  کە چ خەونێکیان ئەبینی و ئێستاش چی ئەڵێن، ئەوەی ئەمرۆ ململانێیەکی توندی لەسەرە هیچ نیە جگە لەململانێیەک بۆ دوبارەکردنەوەی مۆدێلێک لە بەعس، خەونی دەسەڵاتگەریانەی ئەو هێزانەی ئەمرۆ بۆ بەسیاسییکردنی کورسیەکان و بەمەزهەبکردنی کۆمەڵگاو بەسەنتەرکردنەوەی بەغداو یەکرەنگکردنەوەی عیراق و تۆخکردنەوەی رەسەنایەتی عەرەب وەک نەتەوەی یەکەم، هیچ نیە جگە لە وێنەیەکی تر کە ئەخوازێت بە هەمان نەفەسی تکریتیەکان بیر بکاتەوەو ژیانێکی کۆنمان بەشەرتی تازە پیٚ بفرۆشێتەوە.

لێرەوە ئەبێت هێزە سیاسیەکانی عیراق موغازەلەو موجامەلەی ئەوە نەکەن کە پەرۆشی بنیادنانەوەی عیراقن بەرەو کولتوری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی، ئەبێت ئەوە بزانن هیچ بەقەدەر ئەوە گرنگ نیە مەودا بهێڵنەوە بۆ رێزگرتنی ئەو دەنگانەی کە ئەوانی گەیاندە کۆشکەکان، ئەوە بزانن کە دەقیقەکانی دیموکراسی وەکو دەقیقەکانی دیکتاتۆری نین، خەڵک لەهەریەک لەو دەقیقە دیموکراسیانەدا شت ئەخوێنێتەوەو بێدەنگ نابێت، ئەگەر دکتاتۆرێکی وەکو سەدام رێزی نەگرتایە لەدەنگی تاکی عیراقی گرنگ نەبوو چونکە خۆی بەرێگەی دیموکراسی و هەڵبژاردن نەهاتبوە کۆشک بەڵکو بەخوێن وکوشتن و کۆدەتاوە ئەو پلەیەی بریبوو، لیٚ ئەم هێزە سیاسیانەی ئەمێستا هێزگەلێکن سەروبنی زمانیان کۆمەڵی مەدەنی و هارمۆنیەتی سیاسی و دەسەڵات و دیموکراسیەتە، کەچی پێش گەشتنیان بەدەسەڵات ئەوەندەی خەون بە سەروەربونی خۆیانەوە ئەبینن ئەوەندە خەون بە کۆمەڵگایەکی تەندروست و دیموکراتەوە نابینن،ئەوەندەی بۆ بەرژەوەندی تایبەت کار

ئەکەن ئەوەندە بۆ ستراتیجێکی رۆشن کار ناکەن، ئەگینا ئێستا حکومەتی نویٚ ئەبوایە لە دەورەی چالاکی خۆیدا بوایەو ئەوەندە بیر لەوە نەکرایەتەوە ئاخۆ کیٚ ئەبێتە سەرەک وەزیر یان سەرەک کۆمار یان هەر پۆستێکی سیادی، لە کاتێکدا هەر یەک لەو پۆستانە تەمەنی یانزەمانگە و ئەگەر دەورانی دیموکراسی راستەقینە روو بداو هەڵبژاردن دوانەکەوێت لە وادەی خۆیدا، ئەی کەواتە یانزەمانگ ئەوەندە ملەجیرەی بۆچییە ئەگەر باکگراوندەکەی شتی تری تیا حەشار نەدرابێت ؟

لەم سەروبەندەوەیە ئەو ترسە دروست ئەبێت کە پێەچێت ململانێی توندی شیعەو سونەو ئەو هێزە کۆنزەرڤاتیزمانەی تر بۆ ئەو پۆستانە بۆ زەمەنێکی یانزە مانگی نیە ئەوەندە ی شیریکە تیژ ئەکرێتەوە بۆ دەرپەراندن و پەراوێزکردنی هێزو نەتەوەکانی دیکەی وەکو کورد، بۆ هێشتنەوەی ئەو رەوتەیە لە ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی دژەکورد، تا کورد رازی بکەن بە شتێکی کاتی و لەبیربردنەوەی مافێکی راستەقینە، بۆیە حەقە کوردیش بە ستراتیج و ئەجێنداو هێزەوە بە بیٚ سازش بەتەواوی (عەزم و جەزمەوە) بکەوێتە ئەو شەرەوەو رازی نەبێت سازش لەهیچ یەک لەو داواکاریانەی خۆی بکات وەک رووتکردنەوە لە شوناسی سومبولیانەی فیدراڵیەتی هەرێم و کردنی پێشمەرگە بە پۆلیس وسەرباز لە پێناو بەدەستهێنانی هەندیٚ پۆستی کاتی، لە کاتێکدا ئەمرۆ پرۆسەیەکی هێمن و سێبەرانە ئەبینین بۆ تەجنیدکردنەوەی عیراق و هێشتنەوەی عیراق لە فەزای جەنگ و ئەسڵەحەسازیدا،کە هیچ بە قازانجی کوردا نایەتەوە،ئەو نەتەوەی کە بەدرێژایی سەدەیەک لەهەوڵدابوو بۆ رامالێن و نەهێشتنی ئۆردوگای جەنگی و فەزای عەسکەریانەو هەر ئەم فەزایەش بووکوردی بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە تازێبارکردبوو.

ئەی کەواتە بۆ رازی ئەبین بە کارێکی لەوجۆرە؟ ئەم تۆنە لە ئیشکردنیش تەنها ئەو کەسانە سودی لیٚوەر ئەگرن کە زۆرینەی دانیشتوانی عیراق پێک ئەهێنن و بلۆکی ئابوریانەی عیراق قۆرخ ئەکەن و هەمووی ئەخەنە خزمەت رەوتی ئایدۆلۆژیانەی خۆیان و بە عەسکەریکردنەوەی کۆمەڵگای عیراقی، بۆیە لەم رووەوە هیچ بۆکورد بەقەدەر ئەوە کوشندە نیە کە گوتاری شەرمنی بەرهەم بهێنیٚ بەبیانوی تەوافوق وریککەوتنی نیشتیمانی، بگرە ئەوەندەمانزانی عیراق بنیادنراوەتەوە بەهەمان نەفەسی جاران بەکەمێک دەستکارییەوە بێئەوەی تەجاوەزی تەنانەت مەعەسکەرێکی سەدامیشمان کردبێت.

پیٚویستە ئەم بنیادنانەوەیە بۆ عیراق رێچکەی خۆی بگرێت لە هزرێکی مەدەنی و دیموکراسیداو کەرکوکیش ئەوەندە نەکرێتە دروشمی سیاسی و نەدرێتەوە لە رووی کورد بەوەی نابێت باس بکرێت لە کاتێکدا تا ئێستاش سیمای دیموگرافیانەی نەگەراوەتەوەو هێشتا هەشتا هەزار خێزانی هاوردەی دەستی بەعس لە کەرکوکن و هەرەشە لە رەسەنایەتی ئەو شارە ئەکەن و ناشبێت حکومەتی ئایندە چیتر خاڵی 58 یاسای بەریوەبردنی دەوڵەت لە بیر بکەن و هەر ئەوەش دەبێتە زامنی ئاشتەوایی عیراقی ئایندە.